وەرگێڕان

سروود بۆ بلبلێك ..

Ode to a nightingale
by
John keats

هەڵبەستی شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیز
جۆن کیتس
گۆڕینی لە ئینگلیزی‌یەوە لەگەڵ شی‌کردنەوەو
پێشکێش‌کردنی : عومەر دزەیی

١ – کورتەیێکی ژیانی کیتس

جۆن کیتس لە ساڵی 1795 دا لە شاری لەندەن لە دایك بووە . باوکی مەیتەر بووەو هیچ کەسێك لە خێزانەکەی ، کەم‌و زۆر ، پەیوەندیان بە شیعرو ئەدەبەوە نەبووە . جۆن هێشتا منداڵ دەبێ کە دایکی دەمرێ ، خۆیشی ماوەیەك پزیشکی دەخوێنێ بەڵام حەزی لەو زانستە نەدەکردو مەراقی کەوتە سەر خوێندنەوەی میتۆلۆژیای گریکی‌و ڕۆمانی‌و ژیانی تەمەنەکانی ناوەندی Middle Ages . لە ئەنجامی زۆر خوێندنەوەی شاکارەکانی شەکسپیرو سپێنسەر ، جۆن وەستاییەکی بێ‌هاوتای پەیدا کرد لە داڕشتنی وشەو زاراوی جوان‌جوان‌و ڕازاو . بەم جۆرە دەستی دایە شیعر نوسین‌و زۆربەی هەرەزۆری هەموو شیعرە باشەکانی لە ماوەی سێ ، چووار ساڵی دوایی ژیانیدا نووسی ، واتا لە تەمەنی نێوان 20 — 25 ساڵان‌دا . لەبەر ئەوە جۆن کیتس ، بەبێ سێ‌و دوو لێکردن ، بە گەورەترین شاعیری ئینگلیز دادەندرێ کە توانیبێ بەم لاوی‌یە ، لەوماوە کورتەدا ، ئەوهەموو هەڵبەستە ناسکانە دابنێ کە پایەی ئەدەبییان شان بە شانی شاعیرە هەرە گەورەکانی ئینگلیز بڕوات .

نەخۆشی بەرهەنگ ، کە ئەوسا ترسناك‌و کوشندە بوو ، لە دایکەوە پەڕیبووە ناو ئەو خێزانەو جۆنی بەستەزمانیشی گرتبۆوە . ئەوە بوو کە لە دەورووبەری 1819 دا ئەو دەردەی گرت . ڕۆژگار ، نەك هەر ئەو دەردە ، بەڵکو چەندەها کارەساتی دیکەشی – کە دواترێ باسیان دەکەم – بۆ هەڵگرتبوو . لە پایزی 1820 دکتۆرەکانی ئامۆژگارییان کرد کە ئینگلتەرەی سارد بەجێ بێڵێ بۆ وڵاتێکی گەرمتر . ئەوە بوو کە

چوو بۆ ئیتالیا بەلام ئەوەندەی پێ نەچوو بێچارە لە 23/2/1821 لە ڕۆما ، گیانی سپاردو تەمەنی تازە خۆی لە 25 سالان دەدا .

2 – کیتس و ڕۆمانتیزم

جۆن خاوەنی هەستێکی ئێجگار ناسك و تەنك بووە . حەزێکی بێ پایانی لە ژیانی سەردەمە بەسەرچووەکانی مێژوو کردوە . بۆیە پیاو کە شیعرەکانی دەخوێنێتەوە ، هەر دەڵێی شاعیر وادەستی گرتوەو بە ناو کون و قوژبن و پێچ و پەنای مێژوودا دەمیگێڕی . ڕۆمانە ئەنتیکەکان ، سەردەمی بە دیارکەوتنی خریستیانەتی و تەمەنە تاریکەکان و چەرخەکانی ناوەندی ، کەم و زۆر ، خۆیان لە زۆربەی شیعرەکانی دا دەنوێنن . وەك هەموو شاعیرە ڕۆمانتیکەکان ، جۆن ژیانی سەردەمی خۆی ناکاتە بابەتی شیعرەکانی چوونکە ئەمانە ، بەگشتی ، ڕابوردوو پەرست و دوژمنی ریالیزم « واقع » بوون .

جوانی ، بۆ کیتس ، هەموو شتێك بوو ، بەڕاستی هەموو شتێك بوو . کە شتێکی جوانی بەدی دەکرد ، ساقی شۆخێك ، دیمەنێك ، موزیکەیەك ، بلبلیك یان هی هەر شتێکی تربا ، هەر پێنج هەستەکانی بە جاری گوێقولاغ دەبوون ، مووچرکێك ، لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی ، دای دەگرت . بەڕاستی جوانی نەبوو بە سەریدا تێپەڕبێ .

جۆن کیتس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە شیعرنووسین پێویستە هەر بە تەنها هەستی دەروون بەرامبەر بە جوانی و سروشت دەربڕی ؛ شاعیر نابێ لە بابەت بگەڕێ بۆ شیعرەکەی ؛ بابەتی شیعر ئەوەتا لەناو دەروونی خودی مرۆڤ دایە . شیعر بە هیچ جۆرێك نابێ بکرێتە پرد تا بە هۆیەوە بگەیتە ئامانجێکی تر . واتا شیعر نابێ خزمەتی هیچ ئامانجێك ، بیرێك یان فیلۆسۆفیایەك بکا جگە لە ئامانجە سەرەکی و تاکەکەی خۆی کە « دەربڕینی هەست و خوستی هەناوە بەرامبەر بە سروشت و جوانی » .

بیرو ڕوانگەی کیتس وادەگەیێنێ کە تەنها سروشت و جوانی ڕاستن و حەفت و هەشتیان لە سەردا ناکرێ ؛ کە هەموو بیرێکی فیلۆسۆفیك و هەموو بزوتنەوەیێکی کۆمەلایەتی ـ کە لەو بیرە فیلۆسۆفیکانەوە هەلدەقولێن ـ پووچن یان لەوانەیە چەوتییان تێدابێ . خۆ ئەگەر ڕاستیش بن ئەوە قەت ناشێ ئەم ڕاستی یە تاسەر بێ ، ڕۆژێك هەر دێ کە تێیدا بە هەڵە دەربچن . جا لەبەر ئەو بیرو بینینەی خۆی ، جۆن کیتس ، دانوولەی ، بە هیچ جۆرێ ، لە گەڵ کەڵە شاعیرە ڕۆمانتیکەکانی هاوچەرخی وەك :

وۆردسوۆرث ـ Wordsworth ، کۆلریج ـ Coleridge ، بایرۆن ـ Byron و شێلی ـ Shelly دا نەدەکولا ، کە گوایا لە فرمانی ڕاستەقینەی شیعردا لایان دابوو . یەکەمیان کەوتبووە ناو گێژەنی چاکردنی باری کۆمەلایەتی دووەم ، دەستی دابووە میتافیزیکس ؛ بایرۆن هەر خەریکی خۆپەرستن و بە خۆداهەلگوتن ؛ شێلیش خۆی هاویشتبوە ناو دنیای شۆرش و بیرو باوەڕی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی کە ڕێ و پێکیان دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی شۆرشی فرەنسەیی « 1789 » .

لای کیتس ، مخابن بوو شیعر بکرێتە بارکێشی ئەو جۆرە بیرو باوەڕانە . فرمانی ڕاستەقینەی شیعر ئەوەیە کە بچێتە ناواخنی جوانی و بیخولقێنێ ؛ ئەمەیش ، بەلای ئەوەوە ، بە ڕێگەی هێنانەوە بەرچاو ڕامانەوە imagination and contemplation دێتە دی .

لە هەڵبەستەکانی کیتس دا ، سەرەڕای گیانێکی گەش ، لێرەو لەوێ پیاو هەست بە خەفەتباری و دڵتەنگی دەکات . ئەمەش ڕەنگە هەر دەنگدانەوەی ژیانە پڕ لە پەژارەو مەینەت و غەمبارەکەی خۆی بێ .

هەتا مرد ، کیتس هەر لە لایە تاریکەکەی ژیاندا ژیا : هەر لە منداڵی یەوە دایك و بابی مردن ؛ براییکی لە تەمەنی ١٧ سالاندا بە بەرهەنگ چوو ؛ براییکی دیکەی سەری خۆی هەلگرت و کۆچی کرد بۆ ئەمەریکا ئیتر یەکترییان نەدیتەوە ؛ ئەو کچە شۆخەی جۆن ئەویندار ی بیوو وە ببووە هەوێنی زۆربەی شیعرە خۆشەکانی ، ئەمی نەدەویست . هەمیشە بێ پارە ، بە لەش لاوازو نەساخ ، هەتا بە نەخۆشی بەرهەنگ سەری نایەوە .

جا لێرەدا پیاو دەتوانێ بڵێ کە هەموو مەرجەکانی ڕۆمانسیەت (پەرستنی سروشت و جوانی و ڕابوردوو) ، لە قاڵبێکی خەماویدا ، لە جۆن کیتس دا کۆ ببوونەوە .

3 – کیتس و سروود

گوتمان شیعره هەره باشەکانی جۆن کیتس لەو سێ ، چوار ساڵەی دوایی ژیانیدا نووسراون . سەرتۆپی ئەمانەش هەمووی سروودەکانیەتی کە گشتیانی لە ساڵی 1819 دا داناوە .

من لێرەدا وشەی « سروود » م بەکار هێناوە ، بەڵام « گۆرانی » ، « ستران » و « بەند » یش دەتوانن هەمان واتا بدەنەوە . خۆی وشە ئینگلیزیەکەی « ئۆد ـ ode » ە کە لە بنەڕەتدا گریکی‌یەو بەواتای « پارچە هەڵبەستێك کە بۆ بۆنەیێکی تایبەتیەوە داندراوە » دێ .

ئۆد ، بەگشتی ، بریتی‌یە لە چەند « stanza » یەك واتا « کەرت » یان « پارچە » ، کە باسی بەشێك لە بابەتی هەڵبەستەکە دەکا . ژمارەی دێڕەکان دەبێ لە هەموو « ستانزا » کاندا یەك بێ ، هەرچی دانانی سەرواکەیە ، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ زەوق و وەستایی شاعیر . لە دوای هەر ستانزاییێك پشوودانێك هەیە بەر لەوەی بچیتە ناو بەشێکی تری بابەتی شیعرەکەوە .

« سروود بۆ بلبلێك » بریتی‌یە لە هەشت ستانزا ؛ هەر ستانزاییێك لە دە دێڕ . سەروادانانی ئەو دە دێڕانە بەم جۆرەیە : چواری یەکەمیان لەسەر شێوازی « سۆنێت » ی شەکسپیرانە واتا « abab » و شەشەکەی دواییشیان لەسەر شێوازی « سۆنێت » ی پێترارکانە[1] واتا « cde cde » داندراون .

کەواتە دەتوانین بڵێین کە « ئۆد » ە کانی کیتس لەسەر بناغەی « سۆنێت » دا دارێژراون . بەڵام وادیارە دڵی کیتس بە سۆنێتەکانی شەکسپیرو پێترارکاوە دانەکەوتووە ، بۆیەکا هەستاوە تێکی هەڵکیشاون و بەم جۆرە نموونەیێکی نوێی « ئۆد » ی لێوە دروست کردوە .

بەڕاستی ، جۆن کیتس ، لە ئۆدنووسیندا لێزانێکی ناقۆڵابووە . زۆر هونەرمەندانە توانیویە ڕۆمانتیزم و کلاسیك لێکدا بتوێنێتەوە . ڕۆبەرت بریجز Robert Bridges بە خۆڕایی ی نەگوتووە « جۆن کیتس ، ئەگەر بە تەنها ئۆدەکانی بۆ بەجێ هێشتباین ، ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی بیگەیێننە ڕیزی شاعیرە هەرە گەورەکانی ئینگلیز »[2] .

کیتس ، بۆ ڕازاندنەوەی « ئۆد » ە کانی ، کۆمەڵێك هونەری بەکار هێناوە لەمانە :

« alliteration » واتا پێکچوونی پیتێك یان پتر لە چەند وشەیەکی جۆراوجۆر . ئەمەیش ، بێ گومان ، موزیکاو دەنگدانەوەیێکی دڵگیر دەداتە هەر دێڕە شیعرێك بۆ خۆی . وەك کە لە ستانزا (3) دێڕ (1) دا ـ بە نموونە ـ دەڵێ :

« سەرم هەڵگرم ، ون‌بم ، لەبیرکەم » لێرەدا ، ئەو هەموو « میمە » ، هارمۆنێیکی خۆش دەدا بەو تاکە دێڕە .

جگە لەوە ، کیتس بۆ موزیکاندنی هەڵبەستەکانی ، تەکنیکی « assonance » یشی بەکار هێناوە کە ئەمەیشیان بریتی‌یە لە پێکچوونی نەك چەند پیتێك لە وشەی جیاجیادا ، بەڵکو پێکچوونی چەند وشەیێك لە ڕووی موزیکاوە وەك کە لە ستانزا (2) دێڕ (6) دا دەڵێ :

« پرۆڤانسالی ؛ ئالی کەف بەسەر »

یان لە ستانزا (8) دێڕ (9) دا :

« دەنگی مەلوولی مەل دوور کەوتەوە » .

سەروای ناوخۆ Internal rhyme هونەرێکی ترە لەو هونەرانەی کیتس بەکاری هێناون بۆ ڕازاندنەوەی هۆنراوەکانی . بڕوانە ستانزا (7) دێڕ (9 ، 10) :

ڕەنگە شۆخێکی بەندی ناو تەلار
تۆی کردبێتە یار تادێ شۆڕەسوار

ئەگەر پیاو سەرنج بداتە دێڕی دوەم ، دەبینێ کە سەروای ناوخۆی وای لێ کردوە وەك کوپلەیەك لە گوێ‌یدا بزرینگێتەوە نەك وەك تاکە دێڕێکی تەپ .

لە پێناوی موزیکاندنی شیعرەکانی ، دەرگای هونەر نەماوە ، کیتس ، لێی نەدابێ . « ئۆنۆماتۆ پۆئیا ـ onomatopoeia » یش ، واتا ناونانی شتێك بە دەنگەکەیەوە وەك « گڤەی با » ، « خوڕەی ئاو » « شەقەی باڵ » یەکێکە لەو دەرگایانە کە کیتسی هونەرمەند ، بێ منەت ، بە ناوی‌دا چووە وەك کە لە ستانزا (5) دێڕ (9) دا بە جوانی دەری خستوە :

« ڤنگە ڤنگی مێش ، گزەی مێشوولە »

سەرنج : من لە وەرگێڕدراوە کوردیەکەدا هەندێ نموونەی ئەو

هونەرانەی کیتسم هێناوەتەوە کە مەرج نییە شاعیر لە هەمان ستانزاو هەمان دێری دەقەکەی خۆیدا بەکاری هێنابێ .

لە دوای پێشکەش کردنی کیتسی شاعیر ، کیتسی ڕۆمانتیك کیتسی سروود نووس ، وابزانم ئێستا کاتی‌یە بێینە سەر یەکێك لە گۆرانی‌یە هەرە خۆشەکانی .

4 – سروود بۆ بلبلێك Ode to a nightingale

● سەرچلوەکەی :

لە بەهاری 1819 دا جۆن کیتس میوانی چارلس براونی برادەری دەبێ کە لە هامستیدا لە باکوری لەندەن‌دا دەژیا . چارلس براون ، کارەکەرێکی لا ئیش دەکرد ناوی « فانی براون »* بوو . کیژۆڵە تابلۆی ناسك و نازدارو دڵتەڕبوو . جۆن پڕ بە دڵ ئەویندا‌ری « فانی » دەبێ و جارەها داوای لێ دەکات کە مێردی پێ بکا ، هەرچی فانی‌یە هەرچەندە کە ڕووی خۆی ساتی و حەزحەزۆکێی لە گەڵدا دەکات ، وادیارە بە تەواوی نەچوتە جۆنی لات و لەبەر بۆیە خوازبێنی‌یەکەی شاعیر دەخاتە پشت گوێ و هەر دەڵێ ئەمساڵ نا ساڵێکی تر .

بلبلێك ، هێلانەکەی لەسەر لکێکی بەرزی دار هەڵووژەیەك‌دا کردبوو کە دەیڕوانی‌یە ماڵەکەی چارلس براون . بلبلە جوانکیلە هەموو ڕۆژێ پڕ بە زار دەیخوێندو ئەو شوەی پڕ کردبوو لە موزیکا . لەو دەنگ و ئاوازەدا ، پیاو هەستی بە گیانێکی شادو بەختەوەر دەکرد . ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی گوڵان ، سەرلەبەیانی ، کیتس کورسی‌یێك رادەکێشێتە دەرەوە ، لەبن دار هەڵووژەکە بۆی دادەنیشێ و گوێ بۆ ئەو دەنگو ئاوازەی مەلە چکۆلانەکە شل دەکات . چەند تیلمە کاغەزێکی ناڕێك لە گیرفانی‌یەوە دەردێنێ و ئەم « سروود بۆ بلبلێك » ەیان تێدا دەهۆنێتەوە .

ئەگەر ڕاستیت دەوێ ، هەڵبەستەکە ئاوێنەیێکی ڕوونی ژیانە پڕ مەینەت و تاڵەکەی خۆیەتی . کیتس لەو کاتەدا دوچاری ئەوەندە ناخۆشی و دڵ ساردبوونەوە بوو لە ژیاندا ـ مردنی « تۆم » ی برای بە جوانەمەرگی ، کۆچ کردنی « جورج » ی برای بۆ ئەمێریکا ، فانی نەیدەویست ، بێ پووڵ و کارو کاسبی و تەندروستی‌یەکی خراپ ، هێرشی ڕەخنە گەران بۆ سەر شیعرەکانی و قسەی ناشیرینیان ـ بە ئەندازەیەك کە گیان و تەن و هەستی تەنکی باباییکی وەك جۆن خوێیانیان لەبەر ڕانەدەگرت .

لە کاتی دانانی ئەم هەڵبەستە ، کیتس وەك دەڵێن بە تەواوی چووبووە ژێری ؛ بە ڕاستی ئارەزووی هەلاتنی لەم دنیایە دەکرد ؛ بە دڵ حەزی دەکرد بە گەڵ ئەو بلبلە بەختیارو دڵشادە بکەوێ بۆ جیهانی ئەو ، دارستانی دوور . ئینجا لێرەدا ، وەك پێشتری باسمان‌کرد ، هێنانە بەرچاو « تخیل ـ imagination » ڕۆڵی خۆی دەنوێنێ بۆ وەدی هێنانی ئەو ئاواتەی کیتس . بە خەیاڵ ، شاعیر فعلاً بۆ تاوێك لەم دنیا دەردەچێ و دەکەوێتە ناو دنیای خەیاڵات .
دەبا بزانین چۆن :

● شی کردنەوەی بست بە بست :

ستانزا ـ 1 ـ

چۆن دەروێش لە کاتی زیکر کردندا لەم دنیا دەردەچێ ، « حاڵ » دەیگرێ و دەلەرزێ ، شاعیریش ئە ئاوای بەسەر دێ . خۆی لە بەرایی‌دا دەڵێ چۆن ژەهر یان ئەفیونی خواردبێ و بەرەو بێهۆشی و مەرگەوە بچێ ئەوهای لێهاتوە . دەڵێ زۆری نەماوە بگەمە ڕوباری « لێتە ـ Lethe » و قومە ئاوەکە بخۆمەوە .

« لێتە » یان « لێت » لە میتۆلۆژیای گریکی‌دا ڕووباریکە ، مردوو یەکەم شت کە لەو دنیادا دەیکات خواردنەوەی فڕێك لە ئاوەکەیەتی . ئیتر بەمە ژیانی سەر دنیای پێشووی بە تەواوی لەبیر دەچێتەوە . کیتس بە دڵ و گیان حەزی دەکرد ئەو بلبلە باو لە جێگاکەی‌دابا . دەڵێ مەلە جوانەکە من بەغیلی بە تۆ نابەم ، بەڵکو خۆشی من لە خۆشی تۆدایە . شاعیر ناوی « پەری داران ـ Dryad » لە بلبلەکە دەنێ دیسان بە پێی ئەفسانە ، پەری دارستان هەبووە کە لەگەڵ داران‌دا ژیاوەو لە گەڵیشیاندا مردوە . واتا بێ دارستان نەیتوانیوە بژی . ئەمەیش دیارە

نموونەیەکە لە ڕۆمانسیەت و حەز لە سروشتکردنی کیتس .

ستانزا ـ 2 ـ

لێرەدا کیتس بە شوێن ڕێگایەکدا دەگەڕێ کە بتوانێ بە هۆیەوە ئەم دنیایە بەجێ بێڵێ و بە گەڵ بلبل کەوێ . لە پێشاندا بیری بۆ شەراب دەچێ واتا هەوڵی ئەوە دەدا بەڵکو مەستی بتوانێ ئەم دنیایەی لە بیر باتەوە . جا لێرەدا ئەم بیرکردنەوەیەی لە شەراب ڕای دەکێشێ بەرەو بیرکردنەوە لە زۆر شتی تر کە پەیوەندیان بە شەرابەوە هەیە . یەکەم شت لەمانە ناوچەی « پروڤانس ـ Provence » ە لە خوارووی فرانسە ، کە لە سەردەمە ئەنتیکەکانەوە بگرە تا ئێستەش ، هەر بە شەرابی چاك نێوبانگی دەرکردوە . کیتس هەر بە شەرابی پرۆڤانساڵی واز ناهێنێ بەڵکو دەیەوێ شەرابەکە خەست ، سارد ، کۆن و لە تاریکایی ژێر زەمیناندا هەڵگیرابێ . ئەمانەش ، بە نۆرەی خۆیان ، شتی تر ڕادەکێشن : کە پیاو ئەم چەشنە شەرابەی دەست کەوێ ، لە وڵاتێکی وەك پرۆڤانسدا بژی ، باشتر نی‌یە بە جارێ بشگەڕێتەوە سەردەمی ڕۆمانە کۆنەکان ! باشتریش نی‌یە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژێکی پیرۆز کە جەژنی « فلۆرا » یە !

« فلۆرا ـ Flora » بە لاتینی واتا گوڵ . لەو ڕۆژەدا ڕۆمانەکان ـ وەك کوردو نەورۆز ـ شایی و زەماوەندیان دەگێڕا . کیتس بەمەش دڵی داناکەوێ ، ئاواتەخوازە ئەو جەژنە لە کۆشی سروشتدا واتا لە لادێ لەگەڵ گوندیاندا رابوێرێ .. ئینجا شاعیر دێتەوە سەر نۆشینی شەرابەکە . وەسفێکی جوانی پەرداخە پڕەکە دەکات . خۆی ڕاستە شەرابی ئاڵی چاك کە تێ دەکرێ ، کەفێکی سپی‌ی شاش و واش هەڵدێنێ ؛ بە ناو کەفەکەشدا نمنم وردە بلق ، بۆ تاوێکی کورت ، دەپەڕنە سەر لچ و لووتی ئەوەی دەیخواتەوە تا شەرابەکە بەتەواوی لە پەرداخەکەدا دادەمرکێتەوە و ئارام دەگرێ . هەروەها شەرابی خەست لێوی پەرداخەکە ، لە دوای هەر قومێکدا ، سوور هەڵدەگەڕێنی کە ئەمەشیان نیشانەی چاکی و کۆنەییە . لێرەدا پیاو دەتوانێ ببینێ کە چۆن جۆن کیتس ڕۆمانتیك و ئەنتیکی لێکدا تواندۆتەوە . ئینجا لە دوای سازکردنی ئەو ئەتمۆسفێرە ، شاعیر ئاوات دەخوازێ و دەڵێ ئای کە خۆشە ئەو شەرابە بەکرێ نۆش کەیت و لە گەڵ بلبلدا بدەی لە شەقەی باڵ و بزربیت لە ناو تارمایی نیوە شەودا .

بەڕاستی دیارە شاعیر بە خەیاڵ فیعلەن لەم دنیایە دەرچووە .

ستانزا ـ 3 ـ

لێرەدا شاعیر دەڵێ سەرم هەڵگرم ، بارکەم و ئەو هەموو خەم و پەژارەیە ، ئەو هەموو پیاو خراپانە و دنیا هیچ و پووچە ـ کە هەمووی باسی ژیانی خۆیەتی ـ لە پاش خۆمدا بەجێ بێڵم . جا لە پاشاندا باسێکی وردی لاوی و نەخۆشی و مردن دەکا کە گوایا لەمەیشدا مەبەسی برا جوانەمەرگەکەی خۆیەتی .

ستانزا ـ 4 ـ

لەم بەشە هەڵبەستەدا شاعیر ، لەپڕ ، دەست لەو ڕێگایە ـ ڕێگای مەستی ـ بەردەدا کە یەکەم جار هەڵیبژاردبوو بۆ کوچکردنەکەی . هەڵدەستێ ئەمجارە ڕێگای شیعر تاقی دەکاتەوە . دەڵێ نا .. من بە هۆی « باخوس ـ خوای شەراب » ەوە ناچمە هەواری بلبل ، بەڵکو بەسەر باڵە سووکەکانی « خواوەندی هەڵبەست » . شاعیر دەڵێ ڕاستە کە هێشتا بیرو هۆشم نەکراونەتەوە و لەسەر خۆ نیم ، بەلام زۆری نەماوە لە مەی ئازادبم و بە گەلی کەوم . لە دوای ئەوە ئیتر باسی نیوە شەو و مانگ و ئەستێرە و دارستانی ڕەش دەکا کە چۆن شنەی با ، جار جار ، گەڵاو لکان لادەداو تریفەی مانگەشەو ئەو تاریکستانە دەدڕێ .

ستانزا ـ 5 ـ

بەم ستانزایە وا دەردەکەوێ کە شاعیر گەیشتبێتە تازەهەواری خەیاڵاتی . زۆر وەستایانە باسی دارستانی نیوە شەوان دەکات . دەڵێ ڕاستە بەم تاریکی‌یە ئەنگوستە چاوە ناتوانم بەرچاوی خۆم ببینم ، نازانم چ دارو گوڵ و گولیلك لەسەر ڕێگامن . بەلام ـ هەر قسەی شاعیرە ـ بە بۆنەکانیان هەموویان دەناسمەوە . کیتس تەنانەت دەنگی مێش و مەگەزو

میشووله و بێ دەنگیی پەپوولەی ناو دارستانیش ناخاتە پشت گوێ .

ستانزا — 6 —

ڕاستە ، شاعیر بە جیهانی نوێی شادەبێتەوە ، خۆی لە ترۆپکی بەختیاریو شادمانیدا دەبینێتەوە ، بەڵام مەترسی گەڕانەوە بۆ دۆزەخی سەر زەمین وای لێ دەکا خۆی هێشتا پتر سوورخاتەوەو ڕێگای گەڕانەوەی ئیتر بۆ نەبێ . بۆیەکا هانا وەبەر مردن دەبا کە گوایا هەر بە هۆی ئەوەوە بە تەواوی دەگاتە مرازی . شاعیر دەڵێ بەڵام لە دوای مەرگم ، توخوا ، دەنگە خۆشەکەی بلبل با هەر بەردەوام بێ ، هەرچەندە کە خۆم گوێم ێ نابێت . دەڵێ خۆ هەر نەبێ بەسەردولکەیێکی بەسۆزو کوڵ دەلاوێندرێمەوە .

ستانزا — 7 —

لێرەدا کیتس دووبارە دەمانباتەوە ناو مێژووی کۆن و هی صەدەکانی ناوەند. ئەمجارە ئەنتیکو کلاسیکو ڕۆمانتیک تێک هەڵدەکێشێ .

شاعیر کە دەڵێ « مەلە چکۆلەی نەمر » ! هەڵبەتا مەبەستی نەمریی بلبل نییە چونکە بلبلیش ، وەك هەموو گیانداریکی تر دەمرێ . بەڵام مەبەستی شاعیر لێرەدا دەنگی بلبلەکەیە . دەڵێ کە ئەو دەنگە هەر لەگەڵ دانانی دنیاوە بیستراوە ؛ کە ئەو دەنگە هەر هەمان دەنگ بووە بۆ پاشاو گەدا ، بۆ میرو یەخسیر . بۆ پتر ڕوونکردنەوەی هەستی خۆی ، جۆن کیتس دوو نموونەی سەیرمان بۆ دێنێ . لە یەکەمیاندا دەڵێ لەوانەیە ڕۆژێك بووە « رووت »[4] ی چارەڕەش ، لە دوور وڵاتیو تەنیاییدا ، سەبووری بە دەنگی بلبلەکەوە هاتبێ . لە دوەمیشیاندا دەڵێ بۆی هەیە کچە شازادەیەکی سەر دەمی تەمەنەکانی ناوەندی ، سەبووری بە دەنگە خۆشەکەی تۆوە هاتبێ کە لە کولانکەی دژو[5] تەلارە بەردبەندەکانی ئەو ڕۆژگارەوە هاتبێتە گوێو تۆی کردبیتە یارو هاودەم هەتا شۆڕەسواری ڕزگارکەری بە شیرو تیرو کەمەندەوە بە هاواریەوە دێ[6] .

ستانزا — 8 —

لەوانەیە ئەم « ئۆد » ەی کیتس لە (8) ستانزایان درێژتر با ئەگەر بلبل نەفڕیباو خەیاڵەکەی لێ تێك نەدابا . بەڵام ، بەداخەوە ، بلبل لە ناکاو دای لە شەقەی باڵ . شاعیر وەك لە خەوێکی خۆشدا بەدەنگی زەنگوڵ ڕاپەڕیبێ ئاوای لێدێ ، لە بەرزایی شادیو خۆشییەوە بەردەبێتەوە سەر زەمینی ناخۆش ، دەگەڕێتەوە ناو ڕاستیو ڕاپاڵیتە[7] . لیرەدا شاعیر بەدڵێکی ساردەوە دەڵێ خەیاڵ وەك لەمە چێتر تەفرەی دام .

لەو کاتەی کە شاعیر لەسەر شەپۆلی هەوری فانتازیەوە دەکەوێتە خوارەوە ، باڵداری هەمیشە دڵگوشاد هەر بەرزترو دوورتر دەبێتەوە ، دەنگو ئاوازە مێلانکولیکەکەشی هەتا دێ نزم دەبێتەوە ، شاعیری بێچارەش ، سەرسامو داماو ، تاتاوێك ، نازانێ ئەمە خەونە یا ڕاستییە .

5 — دەقی « ئۆد » ەکە

— 1 —

دڵم دەلەرزێ ، گشت گیانم سڕە
وەك مەرگەمووشم خواردبێ ئەوهام
یانە بە ئەفیون هۆشم واهوڕە
هێندەی نەماوەو « لێت » ە سەر ئەنجام[8]
ئەمەش نەك گوایا بەغیلیم پێتە
بەڵکو چوون شادیم لە دلشادییە
پەرییە سووکەلەی ، خنجیلەی داران
کە لەناو گەلای سەوزی بەهاران
یان لەسەر لكو پۆپی بەرزو چڕ
دەنگی زوڵاڵت دنیای کردوە پڕ

— 2 —

ئاخ چی بکەم لەبۆ یەك فڕ ئاوی ڕەز[9]
خەستو ساردو کۆن ، هی ژێر زەمینان

لە جەژنی فلۆرا ، لە نێو شوان و پەز[10]
مەستبم لە خۆشی و لە پێکەنینان
ئاخ لەبۆ جامێك شەرابی باشوور[11]
پرۆڤانسالی ، ئاڵی کەف بەسەر[12]
لێوی کاسەکەی پێ ببێتە سوور
بلقۆکەش جارجار سەر بهێنێتە دەر
ئینجا نۆشی کەم زۆر بە ئاسپایی
ونبم لە گەڵ تۆ ، لە ناو تارمایی

— 3 —

سەرم هەڵگرم ، ونبم ، لە بیرکەم :
ئەو خەفەتانەی تۆ قەت نەتبوونە
نە کەس پەستمکا ، نە کەس دڵگیرکەم
لەم دنیا هیچەو پیرە گەردوونە ،
چەند پیری لەرزەك ، سەراپا بادار ،
چەند جوانکەی ڕەنگ زەرد ، لاواز ، بەرهەنگدار ،
چەند چاو ئێستا پووت ، جاران پرشنگدار ،
چەند لەشی شلك ، ئێستا دەردەدار .
ئەمانە هەبن لەسەر ڕووی زەمین
ساتوخوا تەمای چیت هەبێ بە ژین !

— 4 —

نا ، من بە باخوس ناچمە هەوارت[13]
بەڵکو بە باڵی سووکی خوای هەڵبەست
هەر بزانە بوومە هاوژین و یارت
هەرچەند کە هۆشم هێژ نەبووە سەربەست[14] .
بەڵام کە ئێستا لە مەی ئازادم
بەو شەوی فێنك گەیمە مرادم
چۆن شاژن لەناو کەنیشکان دیارە
ئەوهاش مانگ لەناو گەلی ستارە
دارستان ڕەشە ، بەڵام شنەی با
جارجار ڕووناکی مانگی بۆ دەبا

— 5 —

ڕاستە ، کە چاوم بەرپێم نابینێ
نازانم چ گوڵ پەرش و بڵاون !
نازانم ڕەنگیان چۆن خۆی دەنوێنێ !
نازانم تەنیان یان تێکەڵاون !؟
بەڵام بەو بۆنەی لێرەو لەوێ دێ
دەزانم مسکە ، گوڵە ، نەسرینە ،
دەزانم چ دار ، دەوەن وان لە ڕێ
دەزانم گوێژن ، توونە یان بی‌نە
ڤنگە ڤنگی مێش ، گزەی مێشوولە
تێکەڵاون بە بزەی پەپوولە

— 6 —

ئای چەند خۆشە لەو تاریکستانە !
گوێ شل بکەیت بۆ دەنگ و ئاوازت
لەو پەڕی شادی ، لەو گولستانە ،
چەند خۆشە بمریت ، بگەیتە مرازت !
چەند خۆشە بمریت بەم نیوەشەوە
بچیە جیهانی بێ خەم و خەفەت
ڕزگاربیت لە دەس ئەم زیندەخەوە
نەگەڕێیتەوە بۆ کۆشی مەینەت
بەڵام لە دوای من دەنگت هەر بابێ
هەرچەندە گوێم لە سەردوولکەت نابێ

— 7 —

مەلە چکۆلەی نەمری شادان[15]
ڕۆژ هاتن ، ڕۆژ چوون بەڵام دەنگی تۆ
لە گوێی یەخسیر و پیر و ئازادان

هەر بیسراوە لای میرو ڕەنجەڕۆ
ڕەنگە ئەو دەنگە دڵی غەمناکی
بەد بەختێکی وەك « رووت » ی پێکابێ[16]
کە لە غەریبی ، بە تەیناو تاکی
لەناو پەرێزان جێی پووشکەو کابێ
ڕەنگە شۆخێکی بەندی ناو تەلار[17]
قوی کردبێتە یار تا دێ شۆڕەسوار

— 8 —

ئەبر خانەخوێم دای لە شەقەی باڵ
وەك لە پڕێکا لێی دابێ زەنگوڵ
منیش کەوتمەوە سەر زەمینی تاڵ
ماڵاواییمکرد لە ماڵی بلبل
دیارە خەیاڵیش گەلێك فێڵبازە
وەك لەمەچێتر دەس دەوەشێنێ[18]
خۆی بۆت دەگۆڕێ بەصەد ئەندازە
کەچی لە ناکاو ملت دەشکێنێ
دەنگی مەلوولی مەل دوور کەوتەوە
ئێستەش تێ ناگەم ڕاستە یان خەوە

پەراوێزەکان

(1) نیسبەت بە شاعیری گەورەی ئیتالیا پێتراركا
(2) ... — S.C. Agarwal , John Keats
(3) بە ڕێکەوت ناوی « فانی براون » و هی ئاغاکەی « چارلس براون » وەك یەکن ئەگینا هیچ خزماتیەك لە نێوانیاندا نی‌یە .
(4) رووت، رووت : ئافرەتێکە لە تەوراتدا باسی چیرۆکەکەی کراوە کە بریتی‌یە لەوەی کە رووت لە دوای کوشتنی مێردەکەی ، لە گەڵ خەسووی‌دا دەکەوێتە وڵاتی غەریبیان : لەوێدا خۆی‌و خەسووەکەی بە ئێلەکێشی‌و گیشە کەری‌ی بەڕێوە دەبات . بەڵام ئاگری غەریبی بۆ وڵاتەکەی خۆی بە هیچ ئاوێك نەدەکوژایەوە
(5) دژ = دز : قەلا
(6) دیارە شاعیر بەرەبەرە لە سەردەمی خۆمانەوە نزیك دەبێتەوەو ئەمجارە هەڵوەستێك لە تەمەنەکانی ناوەندی ـ Middle ages دا دەکات . لێرەدا باسی کچێك یان میرزادەیەکی ئەو سەردەمە دەکا کە چۆن لە ناو تەلارێکی دوور وڵات ، لە لایەن دوژمنانی باوکیەوە ، بەند کراوەو چاوەڕێی شاسواری خۆی دەکا کە بە شیرو تیرو کەمەندو قەلغانەوە بێتە هاواری . هەڵبەتا ، هەموومان دەزانین ، لە زۆر فیلمی مێژووییش دیومانە ، کە ئەم جۆرە وێنەیە زۆر باو بووە لە صەدەکانی ناوەندی .
(7) ڕیالیتە : واقع
(8) لێت ، لێث ، لێثێ : لە میتۆلۆکیای گریکی‌دا ، ڕووبارێکە ، مردوو یەکەم شت کە لەو دنیادا دەیکەن خواردنەوەی قومێك لە ئاوەکەیەتی ،ئیتر پاش ئەوە ڕابردووی سەرزەمینیان بە تەواوی لەبیر دەچێتەوەو دەست بە ژیانی نوێیان دەکەن ـ ژیانی مردووان .
(9) ئاوی ڕەز : مەی ، شەراب
(10) جەژنی فلۆرا : فلۆرا ، لە میتۆلۆکیای ڕۆمانی‌دا خواوەندی گوڵو گولیلکان بووە . جا هەر لەو سەردەمەش‌دا ، هەموو بەهاران ، وەك نەورۆزی خۆمان ، ڕۆژێکیان بۆ تەرخان دەکردو ئاهەنگو زەماوەندیان بۆ دەگێڕا . بەلاتینیش فلۆرا واتا گوڵ .
(11) بەشوور : مەبەس لە باشووری فەرەنسەیە کە زۆر لە کۆنەوە تا ئێستەش بە شەرابی چاك نێو بانگی دەرکردوە .
(12) پرۆڤانس : ناوچەیێکە لە باشووری فەرەنسەو شەرابی ئەوێ بە تایبەتی خۆشە . پرۆڤانساڵ یان پرۆڤانساڵی واتا هەر شتێك تایبەتی ئەو ناوچەیەبێت .
(13) باخوس : خواوەندی شەراب
(14) هێژ : هێشتا
(15) نەمر : مەبەستی شاعیر لێرەدا دەنگی بلبلە نەك مەلەکە خۆی چونکە بلبل دەمرێو دەنگەکەی هەزاران ساڵە هەر هەمان دەنگە .
(16) رووت : بڕوانە پەراوێز ژمارە (4)
(17) بڕوانە پەراوێز ژمارە (6)
(18) لەمەچێتر : جنۆکە

سەرچاوەکان

Sources

1) S . C. AgarwaL , John Keats , seLected poems
2) F. T. PaLgrave , The goLden treasury
3) Ifor Ivans , A short history of English Literature
4) Dorothy Hillyers , A short history of English literature